## چالاک حوسێن
## یاریزانی هێزی لەشی هەڵبژاردەی عێراق:

# لەسەر ئاستی ئاسیا پلەی یەکەمم بەدەست هێناوەو خاوەنی چەندین مەدالیای زێڕو زیو و برۆنزیشم

دیمانە: کارزان کانەبی

**چالاك حوسێن یەکێکە لە یاریزانە بەتواناکانی هەرێمی کوردستان و عێراقە لە ماوەی ڕابردوودا توانیویەتی چەندین ئەنجامی بەرچاو لەگەڵ هەڵبژاردەی هێزی لەشی عێراقی بەدەست بهێنێت،هەرچەندە ناوبراو لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٨دەستی بەم وەرزشە کردووە لەگەڵ ئەوەشدا ئەنجامەکانی بەرچاون، ناوبراو لەدایکبووی ساڵی ١٩٩٢ی شاری هەولێرە ئێستاش جگە لە هەڵبژاردەی عێراقی بۆهیچ یانەیەك یاریی ناکات، ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد.**

***ئاستی یاریی هێزی لەش لە کوردستان بە شێوەیەکی گشتی چۆن دەبینیت ؟**

- هەرچەندە ئەم یارییە یارییەکی زۆر قورسە هەموو کەسێك خۆی لێنادات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم یارییە لە شارەکانی کوردستان لە بەرەوپێش چووندایە و پێشبینیش دەکەم ڕۆژ بەڕۆژ ئاستی بەرزتر بێت، لەئێستادا ئەگەر پشتگیرییەکی باش هەبێت.

*** بۆچی ئەم یارییەت هەڵبژارد کاتێ هەموو کەسێك خۆی لەم یارییە نادات؟**

- ئەوە خەونی منداڵیم بووە کە من هەمیشە حەزم لە بەهێز بوون بووە، بۆیە بە سەرکەوتوویش توانیم خۆمی تێدا بدۆزمەوە.

*** چی بکرێت باشە بۆ بەرەوپێش بردنی ئەم یارییە لە کوردستاندا؟**

- پێش هەموو شتێك ئەگەر بمانەوێ ئاستی ئەم یارییە پێش بکەوێت دەبێ بەردەوام خزمەتی ئەم یارییە بکرێت و هۆڵ و ڕاهێنەری بەتوانا بۆ یاریزانان دابین بکرێ، ئامێرو کەلوپەلی سەردەمیانە دەستەبەر بێت بۆیاریزانان ئەوانیش ئەنجامی باش بەدەست دەهێنن.

*** هەست ناکەیت لە شارەکانی کوردستان گرنگی بەم یارییە نادرێت؟**

- لەلایەن یانەکانی کوردستان گرنگییەکی وای پێ نادرێت کە ببێتە هۆکاری دڵخۆش بوونی یاریزانان بەتایبەتی لە شاری





هەولێرگرنگی پێدانەکەی وەکو پێویست نییە.

*** هیــج کات تووشــی رووداوی نەخــوازراو نەبوویت لەم یارییەدا؟**

- بەڵێ زۆریش تووش بوویمە، بەڵام سوپاس بۆخوای گەورە ئیرادەیەکی باشم هەبووە، بۆیە توانیومە لە وەرزش بەردەوامبم.

*** کێشەو گرفتەکانتان لەم یارییەدا چییە ؟**

- نەبوونی کەلوپەلی پێویســـت لـــەم یارییە ئەوە هۆکارێکی سەرەکییە کە کێشە بۆ یاریزانان دروست دەکات لە ئەنجامدانی مەشـــقەکان، جگە لەوەش ئەگەر بتەوێ ئاستی یاریزانان بەرز بکەیتـــەوە دەبێت مووچەیەکی باشـــی بۆدابین بکەیت لەگەڵ ئەوەشدا هیچ مووچەیەك نییە لەلایەن یانەکانەوە بۆیاریزانان.

*** یانەکانی شـــاری بەغدا داوایان لـــی کردوویت بۆیاری کردن؟**

- بەڵێ یانەی جەیشی شاری بەغداد داوای لێ کردووم.

*** وەکو یاریزان هیواو ئاواتت لەم یارییەدا چییە ؟**

- دەمەوێ لە هەر شوێنێك بێت دامبمەرزێنن بۆئەوەی باشترین شێوەی خزمەتی وەرزشەکەی خۆم بکەم.

*** وەکو یاریزانێك بەرنامەت بۆداهاتووی خۆت چییە ؟**

- من دەمەوێ هەموو ژیان پێشکەشـــی وەرزشـــی کوردستان بکەم لەبەرامبەریشـــدا بەرپرسانی وەرزشی بتوانن ژیانم بۆدابین بکەن بۆئەوەی لەداهاتووشدا بەردەوامم بم لەخزمەت کردن.



*** باشـــترین ئەنجامەکانـــت لەگەڵ هەڵبـــژاردەی عێراق و یانەکان و خاوەنی چەند میدالیایت؟**

- لەسەر ئاستی ئاسیا پلەی یەکەمم بەدەست هێناوە، خاوەنی ٥مەدالیای زێڕو٦مەدالیای زیوو و٤مەدالیای برۆنزم.

*** بۆچی لە هیچ یانەیەکی کوردستان یاری ناکەیت؟**

- حەز دەکەم بۆیانەیەکی کوردســـتانی یاری بکەم بەمەرجێك هاوکاریم بکەن.





# پاڵەوانێتی تیروکەوانی وڵاتانی عەرەبی لە سلێمانی بەڕێوەچوو

بۆماوەی پێنج رۆژ لە شاری سلێمانی بەسەرپەرشتیی یەکێتیی تیروکەوانی عەرەبی و بەهاوکاری یەکێتیی تیروکەوانی عێراقی و بەبەشـــداریی هەریەك لـــە هەڵبژاردەی وڵاتانی (عێراق، تونس، جەزائیر، ســـودان، مەغریب، لیبیا )نۆیەمیـــن پاڵەوانێتیی تیروکەوانی وڵاتانی عەرەب بۆ یەکەم جار لە شاری ســـلێمانی بەڕێوەچوو،لە پاڵەوانێتییەکەشدا یاریزانانی کوڕ و کچی هەڵبژاردەکان ئاستێکی بەرزیان پێشکەش کرد، ئەنجامی کۆتاییش بەمشێوەی خوارەوەبوو:


ئاستی هەڵبژاردە
١-عێراق
٢-مەغریب
٣-لیبیا
ئاستی رکێرڤ-پێشکەوتووان کوڕ
١-سادق یاسین-جەزائیر
٢-عەلی موحی-عێراق
ئاستی رکێرڤ-پێشکەوتووان کچان
١-فەرەح ئەلدەخیلی-عێراق
٢-ڕەند مەشهەدانی-عێراق
کۆمپاوند-کوڕ
١-ئیسحاق ئەلدەعام-عێراق
٢-وەلید شتحان-عێراق
کۆمپاوند-کچان
١-فاتیمە سەعد-عێراق
٢-نیبراس حەمید-عێراق.



# خۆشترین و ناخۆشترین کاتەکانی ئەنێیستا لەچامپیۆنزلیگ

ئەستێرەی هێلی ناوەراستی یانەی بەرشلۆنەی ئیسپانی ئەندرێس ئەنێیستا لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ رۆژنامەی ئەلمۆندۆ دیپۆرتیڤۆی کەتەلۆنی خۆشترین کات و ناخۆشترین کاتی لە بەشداربوونی لە خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا دەست نیشان کرد. ئەنێیستا کەبە وێنەکێش ناسراوە چەندین ساڵە بەشداری چامپیۆنزلیگ دەکات و لەگەڵ یانەکەی دووجار ئەم نازناوەی بەدەســـت هێناوە، رایگەیاند لەکاتی بەشداربوونی لە خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا چەندین کاتی خۆشی بەسەر تێپەڕیوە بەڵام خۆشـــترین کاتی لە یاری نێوان هەردوو یانەی بەرشـــلۆنە و مانچستەر یونایتد بوو کە لەدوای یارییەکە درێسەکەی لەگەڵ یاریزانی هێلی ناوەراســـتی مان یونایتد پۆل ســـکۆلز گۆڕیەوە، ئەنێیســـتا سکۆلز بە ئەفسانەی یانەی مانچستەر یونایتد دەزانێت . لە هەمان کاتدا وێنەکێشـــەکەی یانەی بەرشـــلۆنە کاتە ناخۆشەکانی لەبیر نەکردووە کە تووشی هاتووە لە خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا، ئەنێســـتا یاری نێوان هەردوو یانەی بەرشـــلۆنە و بایرەن میونیخ لە قۆناغی پێش کۆتایی وەرزی رابردوو ٢٠١٢-٢٠١٣ بە ناخۆشترین کات وەسف کرد، کە تیایدا یانەی بەرشلۆنە لە هەردوو یارییدا بە حەوت گۆڵی بێ بەرامبەر تووشی دۆڕاندن هات .

# کریستیانۆ
# بەنیازی ٢٠٠ گۆڵی دیکەیە لەگەڵ یانەی شاهانە



دوای ئەوەی ئەستێرەی پورتوگالی کریستیانۆ رۆنالدۆ بۆندەکەی لەگەڵ یانەی ریال مەدرید تا ساڵی ٢٠١٨ درێژکردەوە بە مووچەی ١٧ ملیۆن یۆرۆ لە هەر ســـاڵێکدا، یاریزانی ناوبراو خۆشحاڵی خۆی دەربڕی بە مانەوەی لەگەڵ یانەی شاهانە تا تەمەنی ٣٣ ســـاڵیدا، کریســـتیانۆ رۆنالدۆ لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا دووپاتیکردەوە کە تەنها پارە هۆکار نەبووە لە تازەکردنـــەوەی بۆندەکەی بەڵکو یاریکردن لەگەڵ یانەی ریال مەدرید و بەردەوامی لەبەدەســـت هێنانی نازناوەکان هۆکاری سەرەکی لەم هەنگاوەی بووە و هیوای ئەوەی خواست لەیاریگای سانتیاگۆ بەرنابیۆ تا کۆتایی ژیانی وەرزشی لەیاریکردن بەردەوام بێت .

هەروەها کریســـتیانۆ رۆنالدۆ لە درێژەی قســـەکانی گوتی : هیوادارم لە ماوەی چوار ســـاڵی داهاتوو ٢٠٠ گۆڵـــی دیکە بۆ یانەی ریـــال مەدرید تۆمار بکەم، من بە نیاز نیم ژمارە پێوانەییەکانی رائول گۆنزالیس و رۆنالدۆی دیاردەی بەرازیلی بشکێنم هەرچەندە ژمارەکان بۆ ئەوە دانراون کە ژمارەی پێوانەیی دیکە تۆمار بکرێن .

شـــایانی باسە یاریزان کریســـتیانۆ رۆنالدۆ لە ٢٠٣ یاری لەگەڵ یانەی شاهانە ٢٠٤ گۆڵی تۆمار کردووە لەســـەرجەم یارییە فەرمییەکان و نۆزدەهەمیـــن گۆڵکەرە لە مێژووی خولی ئیسپانیا و شەشەمین گۆڵکەرە لە مێژووی یانەی ریال مەدرید.




# به هۆی پێکانەوە چەند یاریزانێک لە یانەکانیان دادەبڕێن

لـــە هەفتـــەی رابردووی خولی تۆپی پێ لە وڵاتانی ئەوروپا چەند یاریزانێك تووشـــی پێکان هاتن و بۆ ماوەی جیاواز لە یاریکردن لەگەڵ یانەکانیان دادەبڕێن :

* یانەی بەرشـــلۆنەی ئیســـپانی رایگەیاند یاریزانی هێڵی بەرگری خۆردی ئەلبا تووشی پێکان هاتووە و بۆ ماوەی سێ هەفتە لەیاریگاکان دوور دەکەوێتەوە و لە شوێنی ئەو یاریزانی بەرازیلی ئەدریانۆ کۆریا یاری دەکات .

* کاپتنی یانەی بروســـیا دۆرتمۆندی ئەڵمانی سیبســـتبان کیل تووشی پێکان هاتووە، یانەی دۆرتمۆند رایگەیاند یاریزان کیل بۆ ماوەی شەش هەفتە لە یاریگاکان دوور دەکەوێتەوە .

* یانەی ڤیۆرنتینای ئیتاڵی تووشـــی کێشـــەیەکی گەورە هات بە هۆی پێکانی دوو لەیاریزانە ســـەرکییەکانی، یاریزانی ئەڵمانی ماریۆ گۆمیز بۆ ماوە شـــەش تا هەشـــت هەفتە لە یاریکردن بەهۆی پێکانـــەوە دوور دەکەوێتەوە لەهەمان کاتدا یاریزانی کۆلۆمبی خوان گیرمۆ کواردادۆ تووشی پێکان هاتووە و بۆ ماوە سێ هەفتە لەیاریگاکان دوور دەکەوێتەوە .





# کچانی سیروانی نوێ و کوڕانی سەورەی کەرکوک پـــاڵەوانی

بەمەبەســتی زیاتر گرنگیدان بە یارییەکانی گۆڕەپان و مەیدان لە ئاستی تازەپێگەیشــتوواندا لە شارەکانی کوردستان، یەکێتیی ناوەندیی گۆڕەپان ومەیدانی کوردســتان لە شــاری ســلێمانی لەســەر یاریگای مەلعەبەکە لە هەردوو ئاســتی کوڕان و کچان پاڵەوانێتیی گۆڕەپان ومەیدانی یانەکانی کوردستانی لە ئاستی تازە پێگەیشــتووان ئەنجامــدا بە مــاوەی دووڕۆژ یارییەکانی بەڕێوەچوون، لە ئاستی کوڕانیشدا ١٠ یانە و لە ئاستی کچانیش ١١یانە کێبڕکێیان دەکرد لەسەر بەدەست هێنانی پلەکانی پێشەوەی پاڵەوانێتییەکە، یاریزانانی کوڕو کچی یانە بەشداربووەکان ئاستێکی بەرزی یاریی گۆڕەپان و مەیدانیان پێشکەشی ئامادەبووان کرد، ئەنجامی کۆتایش بەمشێوەی خوارەوەبوو.

ئاستی کچان

١-سیروانی نوێ ١١١خاڵ

٢-هەولێر١٠٤خاڵ

٣- زاخۆ٩٦خاڵ

ئاستی کوڕان

# سلێمانی کۆنترۆڵی یارییە سیانیەکانی عێراقیان کرد





لەســەر دەریاچەی دووکان بە سەرپەرشــتیی یەکێتیی ناوەندی یارییە سیانیەکانی عێراقی و بەهاوکاری لقی سلێمانی یەکێتییەکە، پاڵەوانێتیی کۆمــاری بۆهەریــەك لە هەڵبــژاردەی شــارەکانی (دهۆك،کەرکوك، سلێمانی، کوت، بەســرە، عەمارە، موسڵ، دیوانیە، نەجەف)بەڕێوەچوو، لە پاڵەوانێتییەکەشــدا یاریزانانی بەشــداربووی هەڵبژاردەی شارەکان لە هەرســێ جۆری یاریی ڕاکردن و مەلەوانی و پاسکیلسواری کێبڕکێی بەهێزیان دەکرد لە نێوان یەکتریدا، بەمەبەستی بەدەست هێنانی پلەکانی پێشەوەی پاڵەوانێتییەکە ئەنجامی کۆتایش بەم شێوەی خوارەوەبوو.

# یانەی زاخۆ ژمارەیەک گرێبەستی ئەستێرەی مۆر کرد




بەمەبەســتی بەهێز کردنی ریزی پێکهاتەی یانەکەی و بەدەســت هێنانی ئەنجامێکی شایســتە لە یارییەکانــی وەرزی نوێی خولی بژاردەی یانەکانی عێراق دەســتەی کارگێڕیــی یانەی زاخۆ ڕۆژ لــە دوای ڕۆژ بەردەوامــە لــە بەهێزکردنی ریــزی پێکهاتەکەی بەمۆرکردنــی چەندین گرێبەســتی گرانبەها لەگــەڵ یاریزانانی بەتوانا لــە یانەکانی عێراق و کوردســتان و دەرەوەی عێراق، بۆیە دەستەی کارگێڕیی لە ئێســتادا لە خۆ بەهێزکردندایەو گرێبەستی بەهێز مــۆردەکات لەبارەی مۆرکردنی ئەم گرێبەســتانەش خەلیل ئەحمەد سکرتێری یانەی وەرزشی زاخۆ بۆگۆڤاری گولان گوتی: ئێمە بەمەبەســتی بەهێزکردنی ریزی پێکهاتەی یانەکە و بۆئەوەی لەم وەرزە بتوانین ڕکابەریی بکەین لەسەر بەدەست هێنانی ئەنجامی شایســتە و دەمانەوێ ئەم وەرزە باشــترین ئەنجام تۆماربکەین لە خولی عێراقدا، بۆیە گرێبەستمان لەگەڵ هەریەك لە یاریزانان (سالح



## کوردستان بوون

١-سەورە١١٣خاڵ
٢-پێشمەرگەی سلێمانی ٩١خاڵ
٣-خانەقین٧٠خاڵ

لە یارییەکانی پاڵەوانێتییەکەش هەریەك لەیاریزانان (ئەحمەد وریا و عوسمان خەلەف و محەمەد سەلاح وشەهان خەلەف وباسیمە سەباح ولاڤە نوزادو شێنێ عەزیزو بژان خۆشەوی) لە هەردوو ئاستی کوڕان وکچان چەندین ژمارەی پێوانییان لە یارییەکان شکاند.

١-هەڵبژاردەی سلێمانی
٢-هەڵبژاردەی موسڵ
٣-هەڵبژاردەی دیوانیە
ئاستی تاك
١-ئەیمەن عومەر-موسڵ
٢-جێگرنەورۆز-سلێمانی
٣-مونتەزرئەحمەد-دیوانیە

سەدیرو خالیدموشیرکاپتن و حەسەن زەبوون و ئاماد ئیسماعیل) لەیانەی دهۆك مۆرکردووە، هەموو ئەو یاریزانانە بۆ یەك وەرزەو یاریزانێکی پیشەگەری خولی قەتەری کە بەڕەگەز عێراقییە بە ناوی عەلی حەسەن لە هەردوو یانەی خۆری قەتەری و قەتەری قەتەری یاری کردووە، لە بارەی بڕی گرێبەستی ئەم یاریزانانەش ناوبراو ئامادەنەبوو هیچ بڕە پارەیەکی گرێبەستەکەی ئاشکرا بکات، گوتیشی تەنیا یاریزان عەلی حەسەن بۆ دوو وەرز گرێبەستی لەگەڵ ئێمە مۆرکردووە و ئەوانی تر هەمووی تەنیا یەك وەزرن، ئەمساڵیش دەمانەوێ بەهێزترین تیپ بین لە خولی عێراقدا، هەوڵیش دەدەین چەند گرێبەستێکی تریش مۆربکەین ئەگەر پێویست بکات و ئێستاش ئێمە بەردەوامین لە خۆ بەهێز کردن تەنیا بۆئەوەی بتوانین ئەم وەرزە نازناوی خولی عێراقی ببەینەوە، هیچ کێشەو گرفتێکمان نیە بەڵێنیش بە هاندەران دەدەین کە ئەمساڵ ئەنجامان هەبێت.




# ریکاردۆ کاکا تووشی پێکان هات و دوور دەکەوێتەوە

یانەی ئەی سی میلانی ئیتالی رایگەیاند یاریزان ریکاردۆ کاکا کە تازە گەڕاوەتەوە ریزی یانەی میلان تووشی پێکان هاتووە لە ماسوولکەکانی قاچی راستەی و بۆ ماوەی ٢٠ تا ٣٠ رۆژ لە مەشقەکان دادەبرێت و ناتوانێت بەشداری لە یارییەکانی یانەکەی بکات لە خولی ئیتالیا و خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا.

یاریزان کاکا لەیاری یانەکەی بەرامبەر یانەی تۆرینۆ کە بەئەنجامی دووگۆڵ بۆ هەردوولا کۆتایی هات تووشی ئەم پێکانە هات و راهێنەر ماسیملیانۆ ئەلیگری راهێنەری یانەی میلان دووپاتیکردەوە کاکا بەهۆی ماندووبوون تووشی ئەم پێکانە هاتووە، پزیشکانی یانەی میلان رایانگەیاند تا ئێستا توانای جەستەیی کاکا وەك پێویست نییە و پێویستی بە پشوو هەیە بۆ ماوەی یەك مانگ دواتر دەتوانێت بەشداری لە یارییەکان بکات .

لەلایەن خۆیەوە یاریزان ریکاردۆ کاکا رایگەیاند کە لەماوەی پێکانەکەی مووچە وەرناگرێت تا ئەو کاتەی دەگەڕێتەوە یاریکردن، لەمبارەیەوە کاکا گوتی : بڕیارم داوە هیچ مووچەیەك وەرنەگرم تا ئەو کاتەی لە پێکانەکەم چاك دەبمەوە، من تەنها پشتگیری یانەی میلانم پێویستە بۆ ئەوەی بە زووترین کات بگەڕێمەوە یاریکردن .